# ئایا ئەنقەرە دەتوانێ وەڵامی پەیامی پەرلەمانتارە کوردەکان بداتەوە و ببێتە سەکۆی دیالۆگ و چارەسەریی؟


ئەحمەد تورك


باری رۆبین


ئاڵتان تان

### پرۆسەی سوێندخواردنی پەرلەمانتاران و هەیەجانی کوردان

هەفتەی ڕابردوو پەرلەمانی تورکیا لەیەکەم دانیشتنی خۆیدا دوای هەڵبژاردنی ٢٢ی تەمموز، پرۆسەی سوێندخواردنی پەرلەمانتاران بەڕێوەچوو. هەروەك لەتورکیادا باوە، ڕۆژی پێش کردنەوەی دانیشتنی پەرلەمان لەمەراسیمێکدا سەرۆك کۆمار و فەرماندەی هێزە چەکدارەکان ئامادە دەبن، بەڵام لەدانیشتنی یەکەمی پەرلەمان هەم ئەحمەد نەژدەت سەزەری سەرکۆمار و هەم یەشار بویوکانت-ی سوپاسالاری تورکیا ئامادە نەبوون. ئەوان بەهەندێ پاساوی نابەجێ داوەتی پەرلەمانیان ڕەتکردەوە، بەڵام چاودێرانی سیاسیی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئامادەنەبوونی ئەوان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەبەرئەوەی لەهەمان ڕۆژدا پەرلەمانتارە کوردەکانی DTP یش سوێندی یاسایی دەخۆن. بۆیە نەیانویستووە لەو کاتە لەوێ ئامادەگیان هەبێت، چونکوو باڵی سەربازی و سەرۆك کۆمار لەو باوەڕەدان کە ئەو گروپە "تیرۆریست و جوداخواز"ن.

لەلایەکی دیکەوە، هێشتا ترس و دڵەڕاوکێی شانزە ساڵ پێش ئێستا لەدڵیاندا ماوە، ئەو کاتەی هەریەك لەخاتوو لەیلا زانا و هەڤاڵانی دوای ئەوەی بۆ جاری یەکەم هەڵبژێردران لەپەرلەمان بەکوردی سوێندیان خوارد. ئەوکات سلێمان دێمرێل سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا بوو و لەو دانیشتنە ئامادەبوو، پرۆسەی سوێندخواردنی لەیلا زانا و هەڤاڵانی سەرۆك دێمرێلی شۆك و حەیران کرد. لەبەرئەوە دێمرێل هاواری کرد: "ئەمە چ جورئەتێکە، چ کوفرێکە..، ئەم دەنگانە ببڕن" بۆیەش لەیلا زانا و هەڤاڵەکانی لەپەرلەمان دوورخرانەوە و بۆ ماوەی ١٠ ساڵ و نیو زیندانی کران.

هەر لەدانیشتنی کردنەوەی پەرلەمانی تورکیادا دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی نەژادپەرستی تورکان (MHP) کە ٧١ پەرلەمانتاریان هەیە، لەگەڵ ئەحمەد تورك سەرۆکی DTP لەئەتمۆسفێرێکی سەرنجڕاکێشدا تەوقەیان لەگەڵ یەك کرد، کە لەنێو میدیای تورکیادا هەرایەکی گەورەی دروستکرد گوایە بۆ جاری یەکەمە هەردوو سەنگەری ناسیۆنالیزمی تورکی کوردی دەست لەناو دەستی یەکتری دەنێن. بەڵام دواتر وەکو وەڵام بۆ نەزاکەتی تەوقەکردن لەگەڵ ئەحمەد تورك و هەڤاڵانی، باخچەلی لەدانیشتنی دووەمدا لەگەڵ گروپی خۆی لەپەرلەمان گوتی: "ئەوەی خۆی بسپێرێتە ڕەنگی جیاوازیی ئێتنیکی و لەسەر ئەو بنەمایە سیاسەت بکات


بەردەم تەلاری پەرلەمانی تورکیا



کۆکسەڵ تۆپتان سەرۆکی نوێی پەرلەمانی تورکیا

ئەوا دوژمنی دەوڵەتی تورکیایە و خائینە". باخچەلی هێمای بۆ ئەوەش کرد لەتورکیا "یەك ئاڵا، یەك دەوڵەت، یەك میللەت و یەك زمان" سەروەرە. هەروەك ڕوونیکردەوە کە میللەتی کورد و کوردستان و زمان و ئاڵای کوردی بوونی نییە. بەئاشکراش هێمای بۆ ئەوەکرد کە ئەوان گوێ نادەنە داخوازییە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی کوردان و ڕێگا نادەن زمانی کوردیش لەناوەندەکانی خوێندن و شوێنە فەرمییەکانی دەوڵەت بەکاربێت.

### DTP لەئەوەلیاتی پەرلەمانی تورکیا بەرپرسیارە

لەخولی نوێی پەرلەمانی تورکیا، دیوانی سەرۆکایەتی پەرلەمان دیاریکرا، دیوانی سەرۆکایەتی لەچوار پارت و لایەنی سیاسیی پێکدێت کە گروپیان لەپەرلەماندا هەیە، بەگوێرەی ئەمەش جگە لەسەرۆکی پەرلەمان لەدیواندا (AKP=١٠) و (CHP=٣) و (MHP=٢) هەروەها لەنێو گروپی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیك (DTP)یشدا ئەندامێك نوێنەرایەتی دەكات. هەروا لەبەرئەوەی DTP بچووكترین گروپی پەرلەمانە ئەركی ئامری بەرپرسیارێتی ئیداری دەكەوێتە سەر شان.

ئەركی ئیدارەی پەرلەمان بەمشێوەیەیە لەپەرلەمانی توركیا:

١- بەگوێرەی ڕێنماییەكانی سەرۆك لەئەمری ئیداریی، كاروباری كارگێڕیی و دارایی و ئەوەلیاتی پەرلەمان بەرپرسیارە.

٢- لەپەرلەمان مەراسیمی تایبەت ئۆرگانیزە دەكات.

٣- بۆ بودجە پێشنیار پێشكەشی سەرۆكی پەرلەمان بكات.

٤- كارتی گشتیی بۆ داخیڵبوونی نێو پەرلەمان لەسەر پەرلەمانتارن بڵاو دەكاتەوە.

بەرپرسە ئیدارییەكان بۆ پاراستنی ئارامی و دیدارە نهێنی و ئاشكراكان كاردەكەن، هەروەها بۆ بەكارهێنانی یەكینەی موحافەكار و هێزی پاراستنی پەرلەمان، لەبەرئەوە بەرپرسە ئیدارییەكان نێردراوی بەڕێوەبەرایەتی سەرۆكی پەرلەمانن. لەنێو بەرپرسیارێتییەكی هاوبەشدا كاردەكەن و ئەركی خۆیان ڕایی دەكەن، لەكاتی پشووی پەرلەمان و ڕۆژانی پشوو، لەدەوروبەری ئەنقەرە پشوو دەدەن. دەوروبەرەكان و چاوپێكەوتنەكانی سەرۆكی پەرلەمان دەستنیشان دەكەن.

لەلایەكی دیكەوە لەكۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی DTP ئەحمەد تورك بەسەرۆكی فراكسیۆنی DTP لەپەرلەمان دەستنیشانكرا. هەروەها هەریەك لەفاتیمە كورتولان- ی پەرلەمانتاری شاری وان و سەلاحەددین دەمیرتاش پەرلەمانتاری دیاربەكر وەك جێگر و یاریدەدەری سەرۆكی فراكسیۆنی كوردی لەپەرلەمان كاردەكەن. سرری ساكیك-یش بووە ئامری ئیداری DTP لەپەرلەمانی توركیا.

### كۆكسەڵ تۆپتان بووە سەرۆكی نوێی پەرلەمانی توركیا

كۆكسەڵ تۆپتان، پاڵێوراوی AKP پاش دیدارەكانی لەگەڵ CHP و MHP سەردانی DTP یشی كرد و داوای پشتگیری لەئەحمەد تورك كرد. لەلای خۆیانەوە هەریەك لەدەنیز بایكاڵ و ئەحمەد تورك پشتگیری خۆیان بۆ كۆكسەڵ تۆپتان دووپاتكردەوە، بەمەش ناوبراو لەخولی یەكەمی هەڵبژاردندا بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی توركیا هەڵبژێردرا و هاتە جێگەی بڵند ئارینج- ی سەرۆكی پێشووی پەرلەمان. وەك چاوەڕێ دەكرا تۆپتان بەڕێژەیەكی بەرز هەڵبژێردرا و بەكۆی ٤٥٠ دەنگ لەخولی یەكەمدا بووە سەرۆكی پەرلەمانی نوێی توركیا. پێویستە بگوترێ لەو پرۆسەیەدا تەواوی ئەندامانی DTP دەنگی خۆیان بە كۆكسەڵ تۆپتان بەخشی.

جێی باسە، جگە لە كۆكسەڵ تۆپتان تونجە تۆسكای پەرلەمانتاری MHP و كامار گەنج پەرلەمانتاری سەربەخۆی شاری دێرسیم لەو پرۆسەیەدا وەك پاڵێوراو لەكێبڕكێ دابوون.




### پێشاژۆی هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار

لەگەڵ كردنەوەی دانیشتنی یەكەمی پەرلەمان دوای هەڵبژاردنی سەرۆكی پەرلەمان و دیوانی پەرلەمان، وابڕیارە پێشاژۆی هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار دەست پێبكات. بەگوێرەی ڕێككەوتنی نێوان CHP و DSP پێدەچێ عەبدوڵڵا گول ببێتە سەرۆك كۆمار. بەهەڵبژاردنی عەبدوڵڵا گول بۆ پۆستی سەرۆكایەتی كۆمار لەتوركیا پرۆسەیەكی تازە دەستپێدەكات. ڕای گشتی توركیاش خوازیاری ئەوەیە ئەو هەنگاوە ببێتە قۆناخی چارەسەركردنی كێشە هەڵواسراوەكانی وڵات. بەڵام بەگوێرەی هەندێ ئاماژە دەتوانین چاوەڕێی هەندێ ئاڵوگۆڕی ئەرێنی لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ بكەین. لەبەرئەوەی هەلومەرجی سیاسەتی نێودەوڵەتی بۆ هەندێ ئاڵوگۆڕی سیاسیی كراوەیە. لەهەڵوێستی سوپای توركیا لەدوای هەڵبژاردنەوە جۆرە بێدەنگییەك باڵی بەسەر گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتەكە كێشاوە، كەس ناتوانێ ئەم بێدەنگییە وەك پارچەیەك لەنزیكایەتی نەرم و دیموكراسی شی بكاتەوە. بۆیە تائێستا دیار نییە سوپا لەداهاتوو ئەو هێزەی جارانی دەمێنێت بۆئەوەی چیدی كارەسات نەخوڵقێنێ، لەبەرئەوەش ڕەنگە ئەوان بەهەستیارییەوە نزیكی ئەو قۆناخە ببنەوە. لەگەڵ ئەوەی دەرفەتی بەرەوپێشچوونی دیموكراسی لەئارادا هەیە. بەڵام پێویستە ئەوە لەیاد نەكەین لەچەندین ناوچەی باكووری كوردستان هێشتا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەكان بەردەوامن و زوڵم و زۆرداری لەسەر كوردان درێژەی هەیە.

بەگوێرەی لێدوانی دەزگاكانی چاپەمەنی توركیا دوای بردنەوەی پارتەكەی ئەردۆگان بڕیاریداوە لەمەودوا خۆی بەركەنار دەگرێ لەپاڵاوتنی عەبدوڵڵا گول بۆ پۆستی سەرۆكایەتی كۆمار و پاڵێوراوێكی دیكەی پێ باشترە كە هەموو لایەك لەسەری كۆك بن. هەردوو ڕۆژنامەی وەتەن و حورییەت باسیان لەوەكردووە كە ئەردۆگان

**لە بەر هەبوونی كوردان لەدانیشتنی یەكەمی پەرلەمان هەم ئەحمەد نەژدەت سەزەری سەركۆمار و هەم یەشار بویوكانت-ی سوپاسالاری توركیا ئامادە نەبوون**



خوازیارە گول خۆی لەپێشبڕکێی سەرۆکایەتی بکێشێتەوە تاکو خۆی لەنانەوەی کێشەیەکی نوێ لەنێوان حکوومەت و عەلمانییەکاندا بپارێزێ. هەندێ سەرچاوەی نزیك لە AKP کە نەیانویستووە ناویان ئاشکرا بکرێ، ڕایانگەیاندووە ئەرۆدگان بەنیاز نییە ڕاستەوخۆ داوا لەگول بکات واز لەپاڵاوتنی خۆی بێنێت بۆ سەرۆکایەتی، بەڵام وای پێ باشە گول لەلایەن خۆیەوە بەم کارە هەڵسێت. لەبەرئەوە ماوەیەك لەمەوبەر بەهۆی پاڵاوتنی عەبدوڵڵا گول تەنگژەیەکی سیاسیی لەنێوان کەمالیستەکان و ئیسلامییەکان سەریهەڵدا بووە هۆی ئەندامانی هەڵبژاردنی پێش وەختەی ئەم دواییە کە دووبارە پارتەکەی ئەردۆگان سەرکەوتنی تیا بەدەستهێنا. هەرچەندە عەبدوڵڵا گول دوای سێ ڕۆژ لەدەرچوونی ئاکامی هەڵبژاردن ڕژدبوونی خۆی لەدووبارە خۆپاڵاوتن بۆ سەرۆکایەتی کۆمار دووپاتکردبۆوە، بەڵام لەوکاتەوە چیدی باسی نەکردۆتەوە کە هەر بەتەمای ئەو پۆستەیە یان نا.

ئەرتۆگرۆڵ ئۆزگوك سەرنووسەری ڕۆژنامەی حورییەت نووسیویەتی: "هەرچەندە گول شایستەی ئەو پۆستەیە، بەڵام پێویستە دەستپێشخەری بکات و خۆی بکێشێتەوە". هەر چۆنێك بێت وا بڕیارە لەکۆتایی ئەم مانگەدا پەرلەمان سەرۆك کۆمارێکی نوێ بۆ تورکیا دەستنیشان بکات و ئەگەر هاتوو عەبدوڵڵا گول خۆی لەو پێشبڕکێیە کێشایەوە ڕەنگە وەجدی گۆنۆلی وەزیری بەرگری یان موراد باسیسکیو ئۆغلۆ-ی وەزیری کار بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان بکرێن.

## سەرکەوتنی AKP و پرۆسەی دیموکراتیزەبوونی تورکیا

لەگەڵ ئەوەی تورکیا بەفەرمی (٢٢)ی تەمموزی لەدوای خۆیدا بەجێهێشتووە بەڵام هێشتا پێڤاژۆی هەڵبژاردن بەردەوامە، لەگەڵ موداخەلەی چەندین هێز و لایەنەوە، تائێستا سیستمی ئەنتی دیموکراتی و نادادپەروەری ئەم وڵاتەی بەجێنەهێشتووە و بەرۆکی تورکیای بەرنەداوە. بۆیە پێدەچێ جارێکی دیکە گەلانی تورکیا نەتوانن خواست و ئیرادەی خۆیان بگەیەننە پەرلەمانی تورکیا.

ئەگەرچی AKP وتوێژی زۆری لەبارەیەوە کراوە، بەڵام بەداخەوە تائێستا ئەو پارتە وەکو پێویست نەناسراوە، لەبەرئەوەی کەس گومانی نەدەکرد لەم هەڵبژاردنە ئاستێکی بەرزی دەنگەکان بۆ خۆی بچڕێت. ئەگەر ئێمە لێدوانی سەرۆك و دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەو پارتە ئەنالیزە بکەین، باشتر دەیانناسین. AKP بانگەشەی ئەوە دەکات کە کراسە میللیە کلاسیکییەکەی گۆڕیوە و فڕێداوە و بەجارێك خۆی گۆڕیوە، هەروەك دەڵێن "ئێمە بووینە پارتێکی ناوەندیی و هاوچەرخ". هەرچەندە بەشێك لەقسەکانی دەسەڵاتدارانی ئەو پارتە ڕاستی تیا بەدی دەکرێ و وەکو پارتێکی ئیسلامی بەرچاوتەنگ و ڕادیکاڵی جموجۆڵ ناکەن، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەوان خۆیان بۆیاخ کردووە. دیارە گۆڕینی کراسیش سوودێکی ئەوتۆی نییە و هیچی لێ دروست نابێت، لەبەرئەوەی ئەوان هێشتا ئەو کراسەیان فڕێ نەداوە، بەڵکو بەدەیان کراسی دیکەیان بەسەر داپۆشیوە، هاوکات چەندین پاڵتۆ و چاکەت و دەسماڵیان لەسەریان ئاڵاندووە. بۆیە ناوەندبوون و مۆدێرنیزەبوونەکەیان دوورە لەڕاستییەوە. بەڵام بەگوتەی چاودێرانی سیاسیی دەکرێ وەك حەوت ڕەنگ تەماشایان بکەین. ڕەنگە AKP بلێت بووینەتە حەوت ڕەنگ و وەکو تایتلێك هەموو ڕەنگەکانی "میللی، ئایینی، ئینتەرناسیۆنال، لیبراڵ، مەزهەبی، تۆرانی و کوردایەتی" لەخۆیدا بەرجەستەکردووە. بەڵام "لەشەڕی دژی پەکەکە دا" عەرەب، فارس، ئەوروپی، ئەفریقی و ڕۆژهەڵاتی ناوین هەموویان بوونەتە شۆربا.

## AKP دەخوازێت ببێتە خاوەنی دەوڵەت

ئێستا ڕوون بۆتەوە دوای دانیشتنی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان و یەشار بویوکانت لەئیستانبوڵ وادیارە بۆچوونەکانیان کۆك بووبێ و دەستیان لەقاسم پاشا بەرداوە و کردوویانە بە یەشار پاشا یان"قاسم پاشایەتی یەشار پاشا!!". لەمبارەیەوە ڕاوێژکاری سوپا گوتی: "ئەگەر ئەمریکاش ڕازی نەبێت ئەوا ئێمە هێرشی سەر باشووری کوردستان دەکەین". بۆیە پێدەچێ سوپاش لەپشت هەوڵەکانی AKP ەوە بێت، هەر بۆیە ماوەیەکە هیچ جۆرە لێدوانێك نادەن.

سەرنج دەدەین تائێستا لەپەرلەمانی تورکیا پارتێکی بەهێز و ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە دیار نییە، لەبەرئەوە CHP ی دەنیز بایکاڵ تێکشکا و بەرەو ئیفلاس چووە و بەهایەکی ئەوتۆی نەماوە، ئەگەر DSP ی لێ جیا ببێتەوە ئەوا هیچ هێزێکی نامێنێت. ڕەنگە MHP ی دەوڵەت باخچەلی هەندێ خۆڕاگری بکات و ببێتە هێزی یەکەمی ئۆپۆزسیۆن. بەڵام ناتوانن لەمەودوا بەرەنگاری AKP ببنەوە، لەبەرئەوەی AKP بۆیاخی هەموویانی لەخۆیانداوە و بەمشێوەیە دەخوازێت ببێتە خاوەنی دەوڵەت. ئەگەر لەپلانەکەی سەرکەوتوو بێت عەبدوڵڵا گول دەبێتە سەرۆك کۆمار، بێگومان ئەو پرۆسەیەی تائێستا بەڕێوەی بردووە مناوەرە و شارەزاییەکی زۆری پێوە دیارە، نیوەی کۆمەڵگای تورکیای بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و لەگەڵ سوپاش ڕێککەوتووە، هەرچەندە ئەمە کارێکی بچووك نییە، بەڵام ئایا تاکەی دەتوانێت ئەم دیماگۆگییەت و هونەری فریودانە بەڕێوەببات؟

وەڵامی ئەو پرسیارە زۆر دژوارە. ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگە لەیادنەکرێ، ئەو ئەرکەی دەکەوێتە ئەستۆی گروپی DTP زۆر قورسە. ئەوانەی متمانەیان بە AKP نەبەخشیوە، چاوەڕێی ئەوەن بزانن DTP لەپەرلەمان چییان بۆ دەکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی نیوەی کۆمەڵگا دەنگ و متمانەی بە AKP داوە.




کەمالیستەکان لە جوانیش بۆ دەنگ سوودیان وەرگرت

**لە دەستنیشانکردنی دیوانی تازەی سەرۆکایەتی پەرلەمان DTP وەك بچووکترین گرووپی پەرلەمان ئەرکی ئامری ئیداری پێسپێردرا**